دەنکۆڵە چیرۆک

# کەڵخووتەکان *



تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

دەیانڕوانییە ڕۆژژمێرە کۆنەکەی باپیریان، تۆماری ساڵانی پەنجاکانیان دەخوێندەوە. لە لاپەڕەیەکدا کەشتیی مەیموونەکان وەک ناوونیشانێکی قەبارە گەورە نووسرابوو، بەسەرسوڕمانەوە نیگایان بڕییە ڕوخساری یەکدی.

(گوایە ئەو دوکانە شڕە کەشتییەکەی نووحە و خەڵق خۆنەوار دەکات، دەیانکاتە منەوەر و چاوکراوە، ئەمڕۆ کوڕوکاڵەکانم هان دا و کەوتنە بەردەفڕکێ، دوکانەکەیان بە بەرد دابێژا، مەیموونەکانی ژوورەوە لە ترسی گیڤەی بەرد لە قوژبنێکدا چووبوونەوە قاوغەکەی خۆیانەوە).

کەوتنە پێکەنین، برا بچووکەکە دەمی لار کردەوە و گوتی: ئۆو، باپیرمان کەم نەبووە، بە بەردی کوڕوکاڵەکان فێری وانەی باشی کردوون!

تریقانەوە و لە لاپەڕەیەکی دیکەدا نووسرابوو تۆفیقە شووتی.

(قەسرەکەی دروست دەکرد ئەو قەزازە تازە هەڵکەوتووە، بە بەکری هاوەڵی دێرینی منداڵیم گوتبوو چەند کوڕوکاڵێکی جەربەزە بێنێتە مەیدانەکە، بە قەڵەمبڕەکانی ناو دەستیان هەموو بڕکە شووتییەکانیان لە بنەوە بڕیبوو، لە داخی شووتییەکانی ئاگای لە قەسر و مەسر نەمابوو تۆفیقە شووتی).

لە خوارەوەش نووسیبووی:

(بۆ شار هیی باوکتانە ناوتانی تێدا دەربکەن و وەک تاووس کلکی خۆتان گیڤ بکەنەوە؟!)

دایانە قاقای پێکەنین، برا گەورەکە گوتی: خراپ نییە، باشی کردووە، بەڵام قەسرەکە دروست کراوە و تا ئێستاش هەر ماوە، دەبێت ئەو شوێنەش بکڕین، تەختی زەوی بکەین و تەلارێکی نوێی لەسەر دروست بکەین، بەوەش هەم بەیەکجاری ناوی ئەو قەزازە ناهێڵین و هەم خەونەکەی باپیریشمان بەدی دەهێنین، من تەواوی بڕکی قەسرەکەی دەبڕم!

## کڵاو بابردوو

کڵاویان لەسەر نابوو، ئەویش لەگەڵ تریقانەوەیدا گوتبووی کڵاویان بە دیاری بۆ ناردووم و دەمکەنە دەمڕاستی گەلەکەم، با کۆتایی بە جامانە لەسەرەکان بهێنم، هەر دەیهێنم.

چل و پێنج ساڵ لەگەڵیاندا شەڕی بەرپا کرد و لەبری ئەوەی جامانە بەسەرەکان بنەبڕ بکات، ڕێژەیان زیاتر دەبوو.. لە دژیان، لە دژی خاکەکەی خۆی، دژی شاخ و پێکەنینی منداڵەکان، وڵات سێ سەرۆکی گۆڕی و ئەویش هەموو شێوازەکانی تاقیکردەوە و هەر نەیتوانی ببێتە خاوەن کڵاوی خۆی.

بەو داخەوە سەری نایەوە، ئیتر نۆرەی کوڕەکانی هات.. کڵاو، شەپقە، تەقیلە، کاسکێت، کلێتە، تەنیا عەگاڵ و تەربووش و عەمامە مابوو بیبەستن و ئەوانیش پازدە ساڵ بەرانبەر جامانەکان وەستانەوە، لە باوکیان خراپتر مایەپووچ بوون، بێجگە لە خۆیان، خەڵکێکی زۆریان دوای خۆیان خستبوو، هەم خۆیان و هەم خەڵکەکەیش نەیاندەزانی دوای چ کڵاوێکی نادیار کەوتوون، نەیاندەزانی کڵاویان لەسەر نراوە، نەک هەر کڵاو، بگرە کەللەشیان دەمێکە با بردوویەتی!

## گەمژە

لە دوا چرکەکاندا زانی هاوڕێکانی خستوویانەتە تەڵەزگەوە، گیانی دەدا و مێشکی دەیتوانی هەموو وێنەکان بگەیەنێتەوە بەیەکتری، لەو لێشاوی وێنانەدا کە پێکەنینی درێوی هاوڕێ دوژمنەکانی زیاتر بەرجەستە بوون، ترووسکەی هیوایەکی بە کوڕەکەی بوو تۆڵەی بکاتەوە.

چل و حەوت جار درەختەکان گۆپکەیان کردەوە و تەمەنی کوڕەکەی گەیشتە شەست و دوو ساڵ، بەڵام لەبری تۆڵە، لەبری ئەوەی تەڵەزگەکەی باوکی شی بکاتەوە، لەگەڵ کوڕی نامەردانـدا ڕێگەی گەمژەیی دەبڕی و پرسیاری لە خۆی نەدەکرد لە چ بنەچەیەکەوە هاتووە و بەرەو کوێ دەڕوات!

## هۆڤی *

پاش تێپەڕینی هەموو تەمەنیان، پەراوێزخراوەکان بە خەمێکی قووڵەوە دەیانڕوانییە ناو چاوی یەکتری، پەشیمانییان لێ دەچۆڕایەوە، پەشیمانی بۆ هەموو شتێک، بۆ هەموو ڕابوردووی خۆیان.

هەرە بەتەمەنەکەیان گوتی:

- هیچ نیشانەیەکی بۆماوەیی تێدا نییە، بگەڕێی گەردیلەیەکی لە باوکی ناچێت، نە ڕوخساری، نە هیچ شتێکی!

ئەوانی دیکە بە دڵێکی شکاوەوە گوێیان بۆ شل کردبوو، لەسەری ڕۆیشت.. نە چاوەکانی، نە لووتی، نە دەمی، نە دەست و پەنجە و نە دەنگیشی، هەر هیچ، ئێ باشە، خۆ دەبێت شتێکی بچێتەوە سەر باوانی، لە باوکەوە بێ، یان دایکی، لە باپیریشی ناچێت!

یەکێکیان کە چاوەکانی دەگەڕاند، گوتی:

- شێوە و ڕواڵەت گرنگ نییە، با باش تەماشای کانزاکەی بکەین، ئەو چی دەکات،

چۆن بیر دەکاتەوە، مەرامەکانی چین، ئەو شتانە گرنگن.

بێ چارەیەک کە نەخۆشی ڕەنگ و ڕووی لێ داماڵیبوو، گوتی:

- کوڕی باوکی خۆیەتی، ئێمە تەفرە دراین و باش نەماننناسی، ئێمە هەموومان هەڵە بووین و ئێستایش ددان بە هەڵەکانماندا ناهێنین، ئەو شتانەی ئەم فیرنەگولەیە دەیکات ڕێک کۆپیی باوکیەتی.. لە خۆی زیاتر حیساب بۆ کەسی دیکە ناکات، هەموو دەوروپشتی خۆی بە پووشکە دەبینێت، پێی خۆش نییە کەسێک ناو و نازناوی هەبێ و خەڵک خۆشیان بوێت، یان ئازایەتی و بوێریی تێدا بێت و شانازی بە بنەماڵەکەیەوە بکات، ڕێک کوتومت باوکی خۆیەتی، هەر خەریکی بچووککردنەوەی بەرانبەرەکەیەتی، بە قسەی هەلەق و مەلەق ئابڕووی پێوە ناهێڵێ و دەیکاتە نوکتەی زەمانە، حەزی لەوانە نییە پەرۆشی خاک و نیشتمانن، چارەی نەبەرد و جەربەزەکانی ناوێت، بۆ بێگانەکان باوەش دەکاتەوە و دوژمنان دەکاتە نموونەی باڵا و حەز دەکات هەموو خاک و زێدی خۆی تەفروتوونا بکەن، بڕواتان بێت لە ناخیشەوە گاڵتەی بە زمانەکەمان دێت، ئەمە تەواو گوشراوەی باوکیەتی، خۆ ڕەنگی چاو و ئەو شتانە نابنە نیشانەکان و لە بۆماوەییدا ڕەنگ بدەنەوە، من تازە بەم تەمەنە پیرەمەوە بە هۆش خۆم هاتوومەتەوە، کانزایەکی لە باپیریشی وەرگرتووە، خۆ ئەویش ڕێگەی نەدەدا لە خۆی زیاتر کەسێکی تر شتێکی بگوتایە، ئەمانە هەر خۆیان لەلا گرنگ بووە و لەبەر هەندێک شت نەیانوێراوە بڵێن ئێمە خوداین، دەنا ئەوەشیان دەگوت، ئەمانە هۆڤین، نەوە دوای نەوە ئاوتکی هۆڤیبوونیان دەگەیەننە یەکتر و هەموو سەردەمەکان خەڵکی نەزانی وەک ئێمە دەکەنە سووتماکی ئارەزووە بەدەکانیان!

**سوتوو**

با پێت بڵێم چی دەکەین، ئێمە نوێین، دوێنێ ڕۆیشت، چاومان لە ئێستایە، هەموو دوێنێ بسڕەرەوە، ئایا تۆ ئەوەی دوێنێیت؟! من ئەوەی دوێنێم؟!

نا.

ئێ.. ئەوەی دەیکەین سڕینەوەی دوێنێیە، کێ هەبووە، کێ چی کردووە، کێ بوو وای کرد، کێ ئازا بوو. ئەمە ڕۆیشت، مێژوو ڕۆیشت، یادەوەریی فشەیە، خەیاڵە.

ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە.

تەواوە.. جوانت گوت برام، ئەها، گوتراوە ئەمڕۆ، کەواتە هەموو چواردەوری خۆمان دەسڕینەوە، بە چی؟! پەراوێزیان دەخەین، تۆمەتیان بۆ دروست دەکەین، سزایان دەدەین، دەیانترسێنین، چییان بردووە و خواردووە، هەموویان لێ دەردەهێنینەوە.

تۆپەڵە دووکەڵی چرووت، نیوە پێکی ڕەنگ پرتەقاڵیی ویسکی.

هەڵیدە، من و تۆ و بەس، هەوڵ دەدەین ناوی هەموو شتەکانی ڕابوردوو بگۆڕین، شەقامەکان، کۆڵانەکان، هەورەکان، دواتر ناوی شارەکەیش.

جوانە.

برام، ئەمە نوێبوونەوەیە، نوێ، دەبێت چی شتی دوێنێیە نەیانهێڵین، و، نەیارەکانیشمان دەکەینە کۆن، و، هەموو شتێک بە پەنجەی خۆمان هەڵسووڕێنین، بەم شێوەیە.

پەنجەی ئۆکەی بۆ یەکدی بەرزدەکەنەوە، پێکەنین، دووکەڵی چرووت، دانانەوەی پەرداخی خاڵی.

تەنیا سووتوو دەهێڵینەوە، جاڵجاڵۆکە خۆ مێشەکە ناخوات، خوێنی دەمژێت و لەناو تەونەکەی دەیکاتە سووتوو، وەک سووتووی ئەم چرووتە.
ئم، وایە، هەموو شتێک ببێتە توێکڵ، سووتوو!

## مێزی نانخواردن

دەچوونە ژێرزەمینەکە، نەیدەزانی براکەی نیازی چیی هەیە و بزەیەک بەسەر لێویەوە بوو، ئەویش بە تووڕەییەوە بە پلیکانەکەدا شۆڕدەبووەوە و پێشی کەوتبوو.
براکەی بردییە ژووری کەلوپەلەکانی باوکیان، لە مێزی نانخواردنەکە نزیک بووەوە و بەتوندی شەپێکی لە قاچی مێزەکە دا، بەپەستییەوە گوتی:
ـ ئەمە، هەموو ژیانی خۆی و هەموو ئاوات و خواستەکانی بۆ ئەم مێزە تەرخان کرد، هەر بیری لای خوانی ڕازاوە و پڕ خواردنی هەمەجۆر بوو، بێجگە لە خواردن هیچی دیکەی نەدەزانی!
براکەی پێکەنی و ئەویش مستێکی بە سەری مێزەکەدا دا.
ـ ئەوەندەی پێنج کەسی دەخوارد، گۆشت، کەباب، قەل، بریانی، سەروپێ... تەڕەماش!
ڕوخساری ترشاند و گوتی:
ـ پف، لەبەر خواردن ئاگای لە هیچ نەمابوو، هەموو ئەو سەگ و دالآشانەی لە خۆی خڕکردەوە و هەموو شارەکەیان دزی، هەموو شتەکانیان دزی و ئەویش بێجگە لەم مێزە نەفرەتییە هیچی بیر نەبوو، چێشتی مجێوری بۆ بەجێ هێشتین!
براکەی وەک ئەوەی تازە لە خەو ڕابووبێت، بەپەرۆشەوە گوتی:
ـ کەواتە چی بکەین؟!
ـ هەمووی وەردەگرینەوە، یەکە یەکە لە چاڵی چاوی هەموویان دەردەهێنمەوە، گوێ نادەمە حەپە حەپیان، باوکمان نەبووایە، ئەو نەزانانە دەبوونە خاوەنی ئەو هەموو شتە؟ تەواو، ئیتر شارەکە هەمووی هیی ئێمەیە، قنچکێکیان بۆ ناهێڵمەوە، قنچکێک.

## تەنانەت گوڵێکیش

خەمگینتر لە خەمگینی، دڵشکاوتر لە فرمێسکی قەتیسی ناو چاوی منداڵ، گڵەکانیان لابرد و هەیانبوو دوای سەد ساڵ، دوای پەنجا ساڵ، هەندێکیشیان تازە کە بۆنی گڵی شێداریان لێ دەهات، لە گۆڕەکانیان هاتنە دەرەوە و بێ ئەوەی بڕواننە هیچ شتێکی ئەو دنیایە، ڕێگەی ڕۆیشتنیان گرتەبەر.
یەکێک لەوانەی کە هێشتاکە بۆنی ژیانی نەکردبوو، لە لێواری گۆڕستانەکەوە دەیڕوانییە دیمەنی شار، بە مەینەتییەوە چاوی دەگێڕا و هێندەی زانی کەسێک کە لە تەمەنی باوکیدا بوو، لەولاترەوە پێی گوت:
وەرە، تەماشای هیچ شتێک مەکە، ئێمە سنگی خۆمان کردە قەڵغان بۆ پاراستنی ئەم خاکە و ئێستا کەسانێک هاتوون بوونەتە سەردار و کوێخا ناشزانن ئەسڵ و فەسڵی خۆیان چییە، زمان نازانن و هەموو دوایان کەوتوون.. وەرە با بڕۆین.
تەماشای کرد لاوە تەمەن کاڵەکە هێشتا دەیەوێت هەناسەی تر هەڵمژێت کە لە ژیانە کورتەکەیدا بە فریای نەکەوتبوو، خەمگین نیگا دەکات و یادەوەریی دەگەڕێتەوە لای ئەو دایکەی هێندە لەگەڵیدا دانەنیشتووە و بۆنی نەکردووە.
تەمەن باوکەکە بە ئەفسووسێکەوە پێی گوت: وەرە کوڕەکەم، هەستە با بڕۆین، هاوڕێکانمان هەموو ڕۆیشتن.. هەستە تا شوێن

مردنەکەشیان نەکردووین بە باڵەخانە و تەلاری بەرز، ئەوان نەک یادیشمان ناکەنەوە، تەنانەت تاقە گوڵێکیشیان نەهێنایە سەر گۆڕەکانمان!

لاوەکە پێی هەڵگرت و دوابەدوای ڕۆیشت، هەنگاویان نا و ئەوانی دیکەیان بینی گەیشتبوونە لێواری شار، ئەوانی شەهید کە دوای شەهیدبوونیان سەری خۆیان لە خاک و زێدەکەیان هەڵدەگرت!

## دوایین گوند

لە بەرزایی قەدپاڵەکانەوە نیگایان کرد کەڵەکێوییەکان هەڵدەگەڕان، ڕووەو سەرچاوەی تاڤگەکە دەڕۆیشتن کە لە لووتکە قووچەکەوە ئاوی بە هەموو لایەکدا دەپرژاند.. میوانەکان بەدڵخۆشییەوە دەیانڕوانییە دەروازەی گوندەکە.

- ئەو هەوا فێنکەی هەیەتی، ئێرە گوند نییە، ئێرە ناوەڕاستی بەهەشتە!

میوانە ڕەشتاڵەکە تەواو چاوەکانی نوقاندبوو و هەواکەی هەڵدەمژی.

- ئێرە دوا گوندە، هەر ئەم دێیە ماوە بیکڕن، منیش دەمەوێت لێرە بژیم، ڕاستییەکەی بۆ خۆمم دانابوو، بەڵام پێکەوە دەبین.

خاکفرۆشەکە بە پێکەنین و فیزێکەوە ئەوەی گوت.. چوونە سەر ڕۆخی چەمەکە کە ڕووەکەی شین دەچووەوە، خاکفرۆش و میوانەکان دەیانڕوانییە دیمەنی ڕازاوە و فێنکی بەری گوند.. لە لایەکەوە کەپری جووتیارێک لەژێر درەختێکدا هەبوو، میوەی تێدا دەفرۆشت، بەتووڕەییەوە تەماشای هاتووەکانی کرد کە دیار بوو سەروەختێکە تووڕەیە.

- هەر ئەم گوندە ماوە بیدەن بە بێگانەکان، نە شار ماوە، نە گوند و لادێ، ئەم خاکفرۆشانە چەندە ڕقیان لە هاوزمانەکانی خۆیانە!

لە ناوەڕاستی کەپرەکەیدا، پەردە بەربڵاوەکەی ڕاکێشا و چووە پشت ڕەشاشەکەی، خۆی ئامادە کرد و پەنجەی درێژ کرد، کەوتە ڕێژنەبارانی هەموویان، ئەوانەی لەپێشەوە پێدەکەنین و ئەوانەیش کە پاسەوان بوون و چەکەکانیان بەدەستەوە بوو.. لەچاوترووکانێکدا کەسێکی لێ نەهێشتنەوە لەسەر پێیەکانی ڕابووەستێ و چاو ببڕێتە گوندەکە، تەنیا ئەوانە نەبێ کە هەناسەیان وەستابوو و چاوەکانیان بەرەو ئاسمان تەواو کرابوونەوە.

* کەڵخووت: مزراحی گەڕ، خوێڕی.
* هۆڤی: کێوی.